# هەژاری !

**ڕەشاد – مستەفا سوڵتانی**
**هەوەڵی ژانویەی ٢٠٢٢**



هەژاری  دیاردەیەکە کە سیستەمە دەسەڵاتدارەکان ، نیزامە گەندەڵەکان، پارەو دراو، دەسەڵاتی کارتلەکان بە سەر مرۆڤایەتی ، جیهان وکورەی خاکی دایاسەپاندووە . ژیان خۆشە و لە هەمان کاتدا زۆر تاڵە کە مرۆڤ و بە تایبەت منداڵی هەژار و فەقیر دەستیان ناڕوات هەموو خەونەکانیان جێ بەجێ کەن . ئەو ڕۆژەی پیشڕەوان خامە بکەنە چەک و، وشە بکەنە گوڵە ، ڕەنگە بەستەڵەکی هەژاری هەنگاو بە هەنگاو بتویتەوە . دەسەڵاتدارانی چەوسێنەر ئەگەر بۆیان بلوێ ، هەرگیز دەس لە جەنایەت هەڵناگرن . هەموو

مرۆڤێک دڵی هەیە ،ئەمما هەموو مرۆڤێک ویژدانی نیە . منداڵی برسی وهەژار هەر لە کۆتری بێ هێلانە دەچێت . تا ئەو جێگایە کە ئەلقە ونبوەکانی مێژووی کۆن و نوێ بڕ دەکەن ، هێزێکی قورس و بە توانا و یەکگرتوویی جیهانی پێویستە تا سیستەمە تاڵانکەرەکان ،بێ عەدالەتی ، بانکەکان ، دەسەڵاتدارانی کارتیلەکان ، هەژاری و برسیەتی شکست بدات. و هێواش هێواش بەستێنی ڕەوندی دیموکراتیک دەستە بەر و ،کولتوری دیموکراسی لە کۆمەڵگای مەدەنی گەشە بکات . لەم سەردەمەدا گواستنەوەی هێڵی ناهومێدی بۆ سەر هێڵی هیوا ڕچەشکاندنە . ئایا ئەگەر لە خانەی بڕواوە ، بەرەو ڕووباری بەرخودانی مەدەنی و خەباتی هەمەلایەنەی دیموکراتیک ڕێ کەوین، برسیەتی وهەژاری لە ماوەیەکی درێژ خایەن چارە سەر دەکرێت ؟

.....................................................

کۆتایی

2022 01 01